# من له ماڵی سەرۆک بووم

**نیهاد جامی**

**نۆڤلێت**

# 1

خانوویەکی کۆن کە لەناوەڕاستی شار دایکم کردوویەتی بەگەلەریەکی شێوەکاری.. ئەو ڕۆژانەی باوکم سەرۆکی دیارترین حزبی سیاسی بوو، هەموو ئەو سیاسیانەی سەردانی باوکمیان دەکرد، دایکم وەک شوێنەوارێک بەرەو ئەو گەلەریەی دەهێنان، تاوەکو تابلۆی دیارترین شێوەکارانی وولاتیان نیشان بدات» هۆڕاسی کوڕی سەرۆکی کۆچکردوو ئاوا بۆ سەرکردەی چەتەکان باسی لەو خانووە دەکرد کە وەک گەنجینەیەک بۆ ئەو ماوەتەوە، خانوویەک بۆ خۆی کتێبخانەیەکی گەورەی باپیری بوو.. کە هەمووان توانیویانە سوود مەندبن لێیەوە، وەک دیاریەک چەندین دەستنووسی ناو کتێبخانەکەی باپیری دەدا بە سەرکردەی چەتەکان کە لەبارەی کێشە ئاینیەکانی سونەو شیعەیە، یەکێک لەو دەستنووسانە لەبەرگێکی چەرمی سووری پتەو داپۆشراوە کە کتێبێکی کۆمەڵناسی عێراقی عەلی وەردیە، دیارە جگە لەو دەستنووسە دانەیەکیتری لەماڵی وەردی دەبێت، بەعسیەکان لەڕۆژانی حوکمیاندا دەتوانن دەستی بەسەردا بگرن. ئەوەی چۆن ئەو کتێبە گەیشتۆتە کتێبخانەکەی باپیرم ئەوە لە لاپەڕەی یەکەمی دەستنوسەکە نووسراوە «بەهیوام بتوانن چاپی بکەن و بۆ زمانی کوردیش خۆتان وەریبگێڕن» کەچی ئەو کاتێک دەستنووسەکە بە گەورەی چەتەکان دەبەخشێت، باس لەو نهێنیە دەکات کە چۆن باپیری دوای خوێندنەوەی پاراستویەتی ونەیهێشتووە ڕوناکی ببینێت. ئەوەی لە

ڕۆژێکدا پێی ووت تەنیا مانگێک بەسەر لابردنی تابلۆکان تێپەڕی بوو، چیتر ڕێگای نەدا خەڵکی سەردانی ئەوێ بکەن وەک گەلەریەکی شێوەکاری، ئەوەشی کرد بەدەستکەوتی دایک کە گرانبەهاترین تابلۆکانی وولات و ئەوانەش کە وەک دیاری بە باوک بەخشرابوون هەمووی بەخشیە مۆزەخانەی نیشتیمانی.  سەرکردەی چەتەکان پیاوێکی خڕی کورتە باڵای سەر بەمەزهەبی شیعە بوو، قایشی پانتۆڵەکەی چەندە توند ببەستبا هێشتا هەر حاڵی نەبوو بەدەستیەوە، لەپڕ کەهەموو خەریکی قسەکردن دەبوون ئەو دەبوو پانتۆڵەکەی بەرەو سەرەوە هەڵکێشێت، ئەو کەپێشتر بەماوەیەکی کورت لەڕیزی جەیشی شەعبی بوو کەس نەیزانی بە چ هۆکارێک لەوێ دوور خرایەوە، بۆیە بۆ بژێوی ژیان کاری بۆیاخچێتی خانووی دەکرد لەپڕ لەگەڵ ڕووخانی دەسەڵاتی بەعسیەکان سەرەتا بۆ بۆیاخکردنی بارەگاکان بانگیان دەکرد، وێنەکانی سەرۆکی پێشوویان پێدەسڕیەوە، نووسینی دروشمی سەر دیوارەکانیانی بۆ لا دەبردن، تا وای لێهات بەرپرسی بارەگاکانیش دەیانناسی. سەرەتا وەک بۆیاخچی لەبارەگایەک دامەزراو بەهۆی قسەهێنان وفیتنەگێڕی توانی ببێتە گوێی یەکێک لەبەرپرسە بچوکەکان، هێندەی نەبرد بەهۆی ئەو پەیوەندیەی لەگەڵ کوردانی بەغدا هەیبوو توانی خۆی بخزێنێتە بارەگای حزبە کوردیەکان، لەدوو لاوە خەریکی هەواڵ هێنان بێت، ئەوە وایکرد خێرا هەست بەگۆڕانی دارایی خۆی بکات.. لەناو ڕێکخستنەکانی حزبی دەعوە شوێنی ببێتەوەو تا پلەی بەرپرسی پەیوەندیەکان بڕوات، ئەوەش وەک خەڵاتێک بوو کە لەدوای زانیاریەکانی لەدروستکردنی تۆڕێکی پەیوەندی لەگەڵ

حزبێکی دەسەڵاتداری کورد دروستی کرد، وەک سیاسەتمەدارێک داوەتی کوردستان کرا.

ئیدی ئەو پەیوەندیە توندبۆوە بۆ پەیوەندی بنەماڵەیی، بەتایبەت دوای مەرگی سەرکردەی حزبە کوردیەکە توانی پەیوەندی لەگەڵ هۆڕاسی کوڕی گەورەی سەرۆکی حزب ببەستێت، هەموو پشتگیریەکی کرد بۆ سەرکەوتن بەسەر حزبە نەیارەکەی، لەبەرامبەردا ئەویش بەڵێنی پێدا چەندین ناوچەی کە سوپای عێراق لەشەڕی داعش لێدەرکرابوو تەسلیمیان بکاتەوە. گەورەی چەتەکان ئیدی کەسێک بوو لەسەرانسەری وڵات لە بۆیاغچیەکەوە بوو بە کەسی یەکەمی دەوڵەت، ئەوەش وایکرد کوڕی سەرۆک ئەو ڕووداوانە ببەستێتەوە بەنامەیەکی باپیری کەلەناو دەستنووسەکان دۆزیەوە «لەو نامەیەدا باپیرەم بۆباوکم دەنووسێت کوڕێک دێتە دنیاوە ئاژاوەیەک کە نە بەمن و نە بەتۆ ئەنجام نەدرا ئەو ئاشوبێک دەگێڕێت چەندین ساڵ خوێن لەقەڵای کەرکوکەوە بەناوخانوەکانی ڕەحیماوەو شۆریجە بێتە خوارەوە»

٢

کوڕی سەرۆک رۆژگارێک متمانەی تەواوی پێمبوو ئەوانەی باسی نەکردبا خۆی دەیبردم بۆ بەشێکی کۆبوونەوەکان، ئەوە نهێنیەک بوو لە باپیری بۆی مابۆوە کە ڕۆژنامەنووسەکان دەتوانن ئەوەی سیاسیەکان نایبینن، ئەوان مەرامەکانی بخوێننەوە. لەو ڕۆژگارەدا هێشتا من نەخرابومە ناو ئەو نهێنیەوە، پێویستیان بە رۆژنامەنووسێکی چاوساغ هەبوو هەموو ئەو

دەستنووسانە ساغ بکاتەوە، بەدوای نهێنی هەندێکیتر بگەڕێت تا دەچێتە سەر بنج وبنەوانی، ئێوارەیەکیان تەلەفۆن بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامە دەکات، ئەویش پێشنیاری منی بۆ دەکات کە چەندە جێگای متمانەم بۆ نهێنی پارێزی.. هێندەش شارەزام لەکارەکەدا. کوڕی سەرۆک پرسیار لەبارەی عەیب و خەوشەکانم دەکات سەرنووسەر دوو خەوشی من دەڵێت، کەچی ئەو بەهەردووکیان پێدەکەنێت، قسەی خۆی هەیەو دەڵێت «کەوایە با لەبەیانیەوە وەزیفەکەی لەرۆژنامەوە بگوازنەوە بۆ سکرتێری ڕۆژنامەوانی سەرکردایەتی حزب». من نەمزانیبوو ئەو دوو عەیبەی من چیبوو تا رۆژێکیان داوای یەکلاکردنەوەی دەستنووسێکی شای ئێرانی کرد،کە چۆن لەو نامانەی لەئێرانەوە دزراوە بۆ لای باپیری چۆن بۆی یەکلا دەکەمەوە پەیوەندی یەکێتی سۆڤیەت بە شۆڕشی شێخ مەحمودەوە چی بووە. سێ هەفتەی تەواوم پێویست بوو تا ئەو نامە دزراوانە یەکلا بکەمەوە، درەنگ تێگەیشتم دوو نامەی هەردوو لای تیا نیە و ئەوەی نامەکانی بۆ دزیون ئەو دوو نامەیەی بەدەستی ئەنقەست نەهێناوە، تا گەیشتمە ئەو خاڵە زۆری ویست، کە زانیاری یەکلاکردنەوەکانم بۆی کردە ڕاپۆرتێک و شەوێکی دانا تا بۆی بخوێنمەوە، سەرسامی خۆی بە ڕاپۆرتەکە خستە ڕوو، بەلێنی ئەوەشی پێدام لەداهاتوو بمکات بەسەرنووسەری ڕۆژنامە. ئەوە بۆمن لەخەون دەچوو، بۆیە پرسیم ئەی کاک میرانی سەرنووسەر؟ بەشێوەیەک پێکەنی مرۆڤ لەشوێنی خۆی تەریق بێتەوە، حەپەسابووم تا دەستی کردەوە بەقسەکردن.. ئەو گەمژەیە کاتی خۆی بەمنی ووت کەتۆ دوو عەیبت هەیە، دەزانم حەز دەکەیت

گوێت لەو باسە بێت.. تازە تۆ دەست وپێوەندو دلسۆزی ئێمەیت بۆیە لێتی ناشارمەوە، بەڵام هەر ئەو کات وەڵامیشم دایەوە، خۆت دەزانی من قسەم لەڕووە ئەوەی بەدڵم نەبێت قسەی خۆمی لەبارەوە دەکەم. ئەوە قسەگەلێک بوو بەشێوەیەک لەناو دەمی ڕێکی دەخستەوە تا من بزانم کە ئیتر ئەو چەندە متمانەی پێمەو دەبێت منیش ئەو بڕوایە نەدۆڕێنم.. تاوێک لێیم ڕاماو دواتر دەستی کردەوە بەدرێژەی بابەتەکەی. پێی وابوو تۆ خراپیت ئەوەیە زۆر مەیلت بەلای ئافرەتەوەیە و بێ ژن هەڵناکەیت، گەمژەی وا واتێگەیشتووە خەلک ئەو بێت بەدیار ژنە مەیمونەکەیەوە دابنیشێت و دنیا لەخۆی تاڵبکات، ئەوە هۆکاری یەکەم بوو کەسەرنجی ڕاکێشام، ئەوەی تریش کەبە عەیبەی تۆ ناوی برد ووتی «ئەو ڕۆژنامەنووسێکی چاک و بەتوانایە، بەڵام حزبی نییە». ئەوە چاتر وەک ئەوەی حزبیەکان نهێنی دوژمنەکانمان بۆ بێنن، بیست وپێنج ساڵی ڕابردوو ڕۆژنامەنووسە حزبیەکان جگە لەماستاوکردن و مەرایی کردن بۆ ئێمە چیتریان کردووە.

ئیدی هەرگیز پێی وانەبوو ڕۆژێک لێی هەڵبگەڕێمەوە، هەموو نهێنیەکانی وەک دەستنووسێکی کراوە بکەم بەکتێبێک، لەژێر ناوی «من لەماڵی سەرۆک بووم» ئەو کتێبەی کە کەوتە بەردەستی هەمووتان و نهێنیەکانی کتێبەکە هۆکاری ڕاکردن بوو لەنیشتیمان، تا ڕادەی ئەوەی دەستیان گەیشتە هەر شوێنێک داوایان کردومەتەوە، تا خۆیان لێپرسینەوەم لەگەڵدا بکەن. ئەو ڕۆژانە کوڕی سەرۆک کۆڵانەکانی ئەوروپای لێکردبووم بە تاریکستان، بەهۆی پەیوەندی بازرگانی بە وولاتان، بەتایبەت کە

نەخۆشخانەیەکی تایبەتیان لە فەڕەنسا درووست کردبوو تەواوی کارمەندانی فەڕەنسی بوون و باجی بەدەوڵەت دەدا.. ئەوە وایکردبوو دەستی تۆزێک درێژ بیت، هەرگیز نەتوانم ئەو خەونەم بێتە دی وبۆ تاقە جارێک بورجی ئیڤڵ بەچاوی خۆم ببینم، وێنەیەکی لەپاڵبگرم. نامە هەڕەشەکان لەبارەی چۆنیەتی ژیانم لەلایەک.. لەلایەکیتر ماوەی یاساییم تەواو کردبوو کەچی ڕەگەزنامەی ئەڵمانیم پێ نەدرا.. رۆژێکیان دادوەری موقاتەعەی ماگدیبۆرگ، لەشاری هالبێرتشتاد ڕاستەوخۆ پێی ووتم «هیچ کێشەیەک لەدۆسیەکەت نیە و لەکاری ڕەش دووریت، بەڵام چاوەڕێ مەبە تا بیست ساڵی تریش ڕەگەزنامەی ئەو وولاتەت پێ بدرێت» ئەو دەمە تێگەیشتم هەموو مرۆڤایەتیەک کەباسی دەکەن تەنیا بۆ هاولاتیەکانی خۆیانە، ئەوان چۆن لەبەرژەوەندی کۆمپانیا ئەڵمانیاکانیان دەدەن کە لەکوردستان پڕۆژەی گەورەیان کردۆتەوە. من لەو کەسانەم چاوم پڕ نابێت لەگریان، کەچی دڵم خەمی تیا دەڕژێ.

٣

ئەو ئێوارەیە زوو خۆم کرد بەماڵەکەم، جانتاکەم لەناو دۆلابەکە هێنا دەرەوە.. هەرچی جل وبەرگێکی پێویستی هەبوو خستمە ناوی، لەگەل لاپتۆپ و هەندێک کاغەزو وەرگێڕانە ئەڵمانیەکەی ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەکان، ئەوە دواهەمین شەوی من بوو لەماڵێک کە ئیدی تابەرەو سەر هەڵبکشابام زیاتر حەزی دوورکەوتنەوە لەو ولاتە زیاتر تیام چەکەرەی دەکرد، بەرەبەیانێکی زوو پلیت بڕین

و جێهێشتنی ئەو شارۆچکەیە کاتژمێرێکی خایاند، گوایە ئێرە شاری هیتلەرەو پێشتر سەربازگەو شوێنی حەوانەوەی بووە، بۆیە گەر نازی لەهەموو ئەڵمانیا نەمێنێت لێرە هەر هەیە، کاتێک دەچوومە ناو سەنتەرە بچکۆلەکەی هالبێرتشتاد نیگای تورەی پیرەکان و خاوەن کۆگاکان بەڕوونی هەست پێدەکرا، وەک ئەوەی بۆ شەڕ لەگەڵیان لەسەنگەر بیت. ملپێچەکەم توند بەگەردنمەوە نوساندبوو بایەکی هێندە سارد لەوێستگەی گۆسلار دەهات.. ئەو شارۆچکە بچوکەی تەنیا پەنجا خولەک لەئێمەوە دوور بوو، بەخۆم دەووت سەرەتایەکی تاریک گەر وانەبێت کەی شەمەندەفەری ئێرە پەکی کەوتووە، سەعاتێکی تەواو بەهۆی کەش وهەوا شەمەندەفەر دواکەوت، ئەوە ناچاری دەکردم شەوێک لە ئوتێلێکی هانۆڤەر بمێنمەوە، کەدیارە خۆشم ئەوەم پێ خۆش بوو، چونکە تەواو ماندوو بووم جگە لەوەی دەمویست تا درەنگانی شەو لای بانهۆف بمێنمەوەو لەموسافیرەکان ڕابمێنم کەدەڵێی ڕۆژی حەشرە.. ئەو وێنە بێمانایە ببینم تاخەفەت بە بەجێهێشتنی ئەو وولآتە نەخۆم. دەمویست خۆم بکەم بەکۆلانی قاوەخانەی کۆنراد کە ڕێک دەکەوتە کۆلآنی ئەودیوی دیسکۆکان، بینیم ژنێک بەکوردی تەلەفۆن دەکات وبەهەلچوونەوە دەڵێت «تەنیا پێنج یۆرۆم پێیە چاوەرێ بووم ئەمشەو تۆ بەملی شکاوت بگەیت.. ئیستا بەم سەرمایە خۆ لەبانهۆفەکە ناخەوم» ئەوە دوا قسەی بوو لەتەلەفۆنەکە کردی، بەسەر کەسەکەی کوژاندەوە خێرا تەلەفۆنەکەشی داخست و خستیە جانتاکەیەوە، ژنێک بالآی هێندە بەرز نەبوو کەچی کوڵمەکانی بەشێوەیەک بوون دەتووت لە درەختی پرتەقاڵ

ڕاماویت.. کاتێک پڕتەقاڵەکان لەنێوان گەڵاکان هێندە گەش دەردەکەون گەر دەستیشیان لێ نەدەیت، لێیان نەکەیتەوە تامەزرۆی سەیرکردنیانی.. ئەو هیچ بایەخی بەسەیرکردنی من نەدەدا کەچی پێمووت «خانم تۆ کوردیت؟»

ئەوەندە بەس بوو شاگەشکە بێت و بەرەو ڕووم بکرێتەوە، پۆزشم هێنایەوە کەگوێم لەتەلەفۆنەکەی بووە، ئەو بەپێکەنینەوە وەک منداڵێک لەشەقامێکدا لەدایکی وون بێت و لەترافیکی شەقامێکیتر دایک لەدواوە باوەشی لێبداو بلێت «دنیاش ناتوانێت من وتۆ لێک بکات» ئەو هەستە ئەوەی دەخستە ڕوو کەنایەوێت ئەمشەو لێم وون بێت و جێی بێلم.. ئەوە شتێک بوو لەپێکەنینی ئەو هەستم پێی دەکرد، وەک چۆن منیش دامنابوو نیو سەعاتێکیتر خۆم بکەم بە دیسکۆکە، تا هەوڵبدەم کچێک ڕازی بکەم لەگەڵم بێتەوە ئوتێلەکە، ئەوانە پلانێک بوون خانمە کوردەکە پێی نەدەزانی.. وەک چۆن منیش نەمدەزانی ئاخۆ پلانی شەو بردنە سەری لەگەڵ پیاوێک تا خۆرهەڵدێت، هەموو شتەکانی چارەسەر ناکات. هەردووکمان لەم شەوەدا پێویستمان بەیەکتر بوو.. داوەتمکرد کەبچینە قاوەخانەی کۆنراد کە یەکتر ناسینەکەمان ڕێک کەوتە بەردەمی قاوەخانەکە. لەلای شوشەی پەنجەرەیەک کەدەیڕوانیە کۆڵانەکەوە مێزێکی خڕی بچکۆلە دوو کورسی کەتامەزرۆیی ئێمەی بەبیانوی دوو فنجانی قاوە کۆکردەوە. ئەو خانمە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دانیشتووی مەریوانە، وەک هەزاران کوردیی تر ڕێی هاتنە دەرەوەی گرتۆتە بەرو پێشتر هاوسەرەکەی هاتۆتە ئەڵمانیا.. ساڵی دواتر ئەویش هاتۆتە دەرەوە، خانمی کەوسەری هێشتا مانتۆ ئێرانیەکەی فڕێ نەداوە.. هەمووی

مانگێکە لە ئەڵمانیایە، ئەوانە بەشێکن لەو زانیاریانەی لەبارەی خۆی بەمنی دەڵێت، کاتێک دوو فنجان قاوەیترو هەندێک کێکی بە فانێلا داوا دەکەم ئەو درێژە بەچیرۆکی خۆی دەدات.

ئێمە کەدێینە دەرەوە ئەوکات لەدنیا تێدەگەین دەزانین پیاوەکان چەتری ماڵ نین.. من دەزانم پیاوەکەم ئەمشەو لە فرانکفۆرت نییە وەک ئەوەی لەتەلەفۆنەکە وای ووت بۆیە تووڕەی کردم، ئەو لێرەیە لە هانۆڤەر، هاورێ تلیاکیەکەی پێی وتم ڕەحیمی مەریوانە وتی کە لەگەڵ ژنێکی ڕۆژئاوا کەخەڵکی حەسەکەیە دەستی تێکەڵکردوەو کردویەتی دۆستی خۆی، کەچی بەمن دەڵێت هەشتی بەیانی دەگەمە بانهۆف.. ئەو خەریک بوو هەڵبچێت بۆیە دەستم خستە سەر دەستی تا هێمنی بکەمەوە، دەستی لانەبرد وەک ئەوەی لەقاوەی یەکەمەوە چاوەڕێ بووبێت دەستی بگرم.. چاوە تەڕەکانی دەبریسکانەوە.. ئەوە وایدەکرد هیچ شەرمێکم لا نەبێت.. یاریم بە پەنجەکانی دەکرد، من ئەمشەو دواشەومە کەوا لە ئەڵمانیا دەمێنمەوە، سبەینێ دەڕۆم بەرەو ئیتالیا، بۆیە گەر حەز دەکەیت ئەمشەو لای من بمێنەوە، من ژوورێکم لەئوتێلێکی پشت گەلەری گرتووە. سەری داگرت و دەستی لەدەستم کێشایەوە، بە دوو پەنجە یاری بە فنجانەکە دەکرد چیتر چاوەکانی لەسەر نیگای من نەبوون، تەنانەت کە قسەشی دەکرد وەک ئەوەی من لەناو فنجانی قاوەکە ببینێ وقسەم بۆ بکات، لەبەر ئەوە نییە کەشوێنم نییە بۆیە لات دەمێنمەوە.. بەڵکو دەمەوێت بۆنی من لەگەڵ خۆت بەریتە ئەوسەری دنیا، نیگاکانت لەچاوانی قەرەجێکی غەریب دەچن، کە لەهیچ شارێک ناگیرسێیتەوە، دەمەوێت ڕۆحی

مـــن لەگەڵ خـــۆت بـــۆ هەمـــوو شـــارەکانی دنیـــا بەریـــت، مـــن پــــــاڵتۆکەم کـــــردە بەرم.. ئەویــــش هەلســــــایەوەو پـــــارەی کافێکەمـــدا، هـــاتینە دەرەوە دەســـتی خســـتە قـــۆڵمەوە ووتـــی «گەر بـــۆ تـــۆ ئاســـایی بێـــت» دڵخـــۆش بـــوو بەســـەری ڕەزامەندبوونم.. تۆ دواهەمین ژنی لەم وولاتە کەدەیناسم.

٤

«مـــن لێـــرە چیـــدەکەم؟ تـــۆ لێـــرە کێیـــت؟ دەتەوێـــت لێـــرە بمێنـــیەوە؟» ئێســـتا کە ئەو ســـێ پرســـیارە لەخـــۆم دەکەم، یەکەمجـــار بەرە بەیانێـــک ژنێـــک ئاراســـتەمی کـــرد، شـــەوێک لەمەیخـــانەیەک ناســـیم، هێنـــدە مەســـت بـــوو کەچـــی داوای کـــرد بچیـــنەوە مـــاڵەکەی ئەو.. ڕێگـــای مـــاڵەکەی دوور نەبـــوو باوەشـــی پیـــامکردبوو، مـــاڵەکەی دەکەوتە ڕیـــزی ئەو باڵەخـــانەیەی کە وەک شـــورەیەک شـــاری کرۆتـــۆنی لەدەریـــا جیـــا دەکـــردەوە. ســـەرکەوتینە نهـــۆمی دووەم، لەنـــاو جانتـــاکەی تاوێـــک بـــۆ کلـــیلەکەی دەگەڕام، ئەویـــش لەزنجیـــری پـــانتۆلەکەم بـــۆ شـــتێک دەگەڕا کە پەلەی بێـــت، وا ڕێکـــکەوت هەردوکمـــان ئەو شـــتەمان دۆزیەوە کە بەدوای دەگەڕایـــن.. دەرگـــاکەم کـــردەوە ئەویـــش قایشـــەکەمی دەکـــردەوە کەســـمان بەدوای پـــێخەفەکەوە نەبـــووین هێنـــدە پەلەمـــان بـــوو کـــۆمەکی یەکترمـــان دەکـــرد بـــۆ داکەنـــدنی جلەکانمـــان.. ئـــاگر لەهەمـــوو جەســـتەمان بەر ببـــوو، نـــازانین لەدوای چەنـــدەمین جـــار خەومـــان لـــێکەوت، بەڵام دەزانـــم بەرەبەیـــان بـــوو کاتێـــک خەبەری کـــردمەوە دەیویســـت بزانێـــت مـــن لەمـــاڵەکەی ئەودا چیـــدەکەم؟ ئـــاخۆ مـــن کـــێم؟ خۆنیـــازم نـــیە لەمـــاڵەکەی

بمێنمەوە؟ ئەو کازیۆەیە من تێگەیشتم خانمی کەوسەری ڕاستی دەکرد، من لەهیچ خاکێک ناگیرسێمەوە، دۆستان دڵنیام ئێوە خەیاڵتان بۆ لای ئەوە دەڕوات، کەبۆچی لەو کتێبەدا دوا شەوی ئوتێلەکەم فەرامۆشکرد، بەڵام لەڕاستیدا کەوسەر خانم خۆی دواتر باسی ئەو شەوەتان بۆ دەکات، بۆیە دەمەوێت ڕێز لەهەستەکانی ئەو بگرم، من چیرۆکی شەوەکەتان بۆ نەگێڕمەوە. قسەی من لەسەر ئەو پرسیارەیە کە ئیستا ئەو دەمەو غروبە بەدیار ڕوانین لەدەریا دەمەوێت، بپرسم: لێرە چیدەکەم؟ ئەوە گەڕانە بەدوای خۆم لەشوێندا، شوێن ماڵی خانمە ئیتاڵیەکە نیە کە دەکەوێتە دەستە ڕاستی دەریا.. من لێرە دەبینم کە ئینجانەی گوڵ ناوەراستی هەردوو پەنجەرە سپیە نیوە کراوەکەی داپۆشیووە، بیرمە لە وولاتدا بەیانیان کە ڕۆژنامە دەردەچوو خوێنەران لەفەرمانگەو ناو پاس و چایخانەکان خێرا چاویان بۆ لاپەڕەی کۆمەڵایەتی ڕادەکێشا.. تا بزانن بابەتی نوێی منی تیایە، لەوێ دەمتوانی نهێنی ناو ژیان ئاشکرا بکەم، لێرە خۆم نهێنیە ئاڵۆزەکەم.

ئەو کتێبە کەنهێنی ژیانی ناو دەستنوسەکان و ڕزگارکردنی دەستنووسە کۆنەکانە لەمردن، تاکە پەیوەندی منە لەگەڕانەوەم بۆ ژیان، ئەگەرچی دوور نیە کە چاپ دەکرێت، ئێوە دەیخوێننەوە ئەو کاتە ساڵانێکە کوڕی سەرۆک ودارودەستەکەی کۆتاییان بە ژیانم هێنابێت. من نامەوێت لێرە بمێنمەوە، بەڵام دەزانم دوای ئەو کتێبە مەحکوومم بە مەرگ، بۆیە دەمەوێت بەرزگارکردنی دەستنووسەکان بگەڕێمەوە ناوتان.

هەستکردن بەسەرکەوتن کڕینی ڕەگی درەختێکە، چەندە گەڵاکانی نەشونما بکات، بەڵام تۆ دەبیتە باخەوانێک کە هاوپەیمانیت لەگەڵ ڕەگی درەختەکە بەستووە، گەڵاکان با هەر بە سەرکردەی چەتەکان ناوم بەرن، ئەوە ڕەگی خۆیانە سەرکردەی چەتە نەک من. ئەو وێناکردنە کاتێک بۆیاغچیەکی سەردەمی زوو کە ئێستا تەواوی پلەی حوکمڕانی لەبەغدا هەیە، فیزو لەخۆبایی سیاسیەکە، کە چۆن چۆتە ناو ڕەگی نمای درەختێک کە خۆی ئاوا وەسفی دەکات، بۆ ئەو بەتەنیا وەدەست کەوتنی خاکێک نیە کە کوڕەکانی ئێمە بە خوێن ئازادیان کرد، بەڵکو چوونە سەر ڕەگی مێژوویەکە کە ساڵەهای ساڵ پاراستمان، منالێک هێشتا هەراش نەبووە هەمووی بەوان دەفرۆشت، ئەو ڕۆژگارە کە باڵەخانە بەرز دەکرایەوە، شەقامەکان هاواری بێ مووچەییان بوو.. خەڵکی لە ماڵی خۆی نەدەژیا، منالێک کە دەهاتە ناو میراتی باوک.. ئەو دەستنووسانەی بەدیاری هەراج دەکرد کە چەندەها سەدە پشتاو پشت پارێزرا بوو، وەک دیاریەک لە ڕۆژی نەورۆز.. چی ئەرشیفی دزراوی گۆرانی و کاسێتەکانی جەنگ هەبوو کە بەرهەمی تەلەفزیۆنی کەرکوک بوو، نیوەی بێژەرێکی کەناڵەکە فرۆشتیە حزبێکی کوردی، ئەویتریش هۆڕاس دای بەسەرکردەی چەتەکان. ئەوەی بەلای کوردەکانەوە سەیرە ئەوەیە کە من کاسێتی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق وئێرانم بۆ چیە.. ئەوان لەوە تێناگەن ئەوە تاکە میرات و بەڵگەیەکە دەتوانن لەدژی من بەکاری بێنن، چەندین کەسم ڕاسپارد تا لەو کاسێتانە ئەو گرتە فیدیۆیانەم بۆ بدۆزنەوە، کە کاتی خۆی جەیشی شەعبی

بـــووم و لەدیدارێکـــدا تەهـــا یاســـین ڕەمەزان دەســـت لەســـەر شـــانم دادەنێـــت و دەستخۆشـــی کارەکـــانم لێـــدەکات، هەر ئەو کـــات ئەو هەســـتەم هەبـــوو ڕۆژێـــک دێـــت لەو عێـــراقە پلەیەکـــم دەبێت.. لەو تەها ورگنە زۆڵە کوردەش باشتر بم.

هەڵگەڕێـــــنەوە، هاوکـــــاری ســــوپا و دەوڵەتێـــــک دەکەن کە ڕاســـــتەوخۆ دوژمنیـــــانە، ئێســـــتا مـــــن لەتەواوی وڵات وەک پـــاڵەوان ســـەیر دەکـــرێم، کەســـیش ناتوانێـــت بەڵـــگەیەک لەدژم بەکاربێنێـــت، ئەوە تەنیـــا برســـــیەکانی بـــاکور بـــوون.. بەدوای بەڵـــگە کـــۆکردنەوە بـــوون لەســـەر مـــن، کاتێـــک تـــوانیم بەڵگەکـــان بە بیرێـــــــک نەوت بگـــــــۆڕمەوە، ئەو کـــــــات ئەوان لەوە تێنەگەیشـــتن مـــن هەڵبژاردنـــی داهاتووشـــم مســـۆگەر کـــرد. وەک چـــۆن بە هێـــزی یاســـا، بێـــئەوەی بەخۆیـــان بـــزانن دەیـــــانخەمە دۆســـــیەی گەنـــــدەڵی و بیـــــرە نەوتەکەش دەکەوێـــتەوە دەســـتی دەوڵەت. ئەوان دەستنووســـــی وایـــان بەمنـــداوە، کاتێـــک دامـــان بەوەرگێرێکـــی کـــوردی زمـــان کەســـاڵانێکی درێـــژە لەدەزگـــای ڕۆشـــنبیریی کـــوردیی لەبەغـــدا کـــاری کـــردووە، ئەو لەگەڵ وەرگێرانـــی کتێـــبەکە یادداشـــتێکی بەزمـــانی عەرەبـــی نووســـیوە.. کە ئەو کتێـــبە یەکـــێکە لەدەستنووســـە گرنگەکـــان ســـاڵانێکی درێـــژ دەوڵەت وچەنـــدین لایەنـــی سیاســـی لەپشـــت دەســـتکەوتنی ئەو دەستنووســـە بـــوونە کەدەســـتیان نەکەوتـــووە، زانیویـــانە نووســـەرەکەی نـــاوی عەبـــدولخالق مەعـــروفە کوشـــتوویانە، ئەوان دوو لایەن بە مـــردنەکەی پـــێ تاوانبـــار دەکەن، هەنـــدێک بەدەســـتی بەعســـیەکانی دەزانـــێ، هەنـــدێکیتریش پێیـــان وایە حزبێکـــی ئیســـلامی کـــوردیی لەپشـــت کوشـــتنەکە بـــووە.. بەهـــۆی ئەوەی ئەو نووســـەرە پێشـــتر کتێبێکـــی بەنـــاوی «ئـــادەمیزاد لەکـــۆمەڵی کوردەواریـــدا» چـــاپکردووە، بەوەش چەنـــد مەلایەکـــی

مزگەوت دژایەتی خۆیان بۆی ڕاگەیاندووە، هەر ئەو وەرگێڕە کوردە نووسیویەتی: لەم ساڵانەی دوایی چیرۆکنووسێکی کورد بەناوی عەتا محەمەد کتێبێکی لەبارەی دەستنووسەکان وئەو کتێبەی عەبدولخاڵق بڵاو کردۆتەوە.

٦

چوار شوفێری شەمەندەفەر بەتۆمەتی ڕاکردنی ڕۆژنامەنووسێک تۆمەتبار دەکرێن، کە لە پۆلیسی ئەڵمانیا بە ڕاکردنەکەی یانزەی ئادار ناوی بردراوە، بەو پێیەی ڕۆژنامەنووسێکی کورد لە یانزەی ئاداری ٢٠١٨ لەڕێگەی شەمەندەفەرەوە لە ئەڵمانیاوە دەیەوێت ڕابکات بۆ ئیتاڵیا.. گوایە لەخاڵی سنوری ئەڵمانیاو نەمساش پۆلیس تەنیا ئەو فارگۆنەیان نەپشکنیووە کە رۆژنامەنووسەکەو دوو کەسیتری تیا بووە. ئەوە هەواڵێکی ڕۆژنامەی«ئافار ئیتالیانی» ئیتاڵیە، کە دواتر لەژمارەکانی داهاتووی ڕۆژنامەکە دەتوانێت دەقی دانپیانانی چوار شوفێرەکەی دەست بکەوێت و بڵاوی بکاتەوە، میدیای ئەڵمانیش ئەوە بە ئابڕووچوونێک ناو دەبات، ئەوەش بەیەک جاری هۆڕاس شێت دەکات.. کە چۆن من لەنێوان پۆلیسی سێ وولات دەستگیر نەکراوم وتوانیومە دەرباز بم، تاکە شتێک کەتوانی بیکات تەنیا ئەوەیە، لەرۆژنامەی حزبەکەی هەواڵێکیان بڵاوکردۆتەوە گوایە ڕۆژنامەنووسێکی کورد ئێستا لە ئیتاڵیا مافیایەو پۆلیسی ئەنتەرپول داوای دەکات، کەسەر لەبەری هەواڵەکەش تەنیا درۆیەکەو هیچیتر، پەیجی «پەناهەندەکانی ئیتاڵیا» لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک تەواوی دانپیانانی شوفێرانی شەمەندەفەر دەکەن بە کوردیی، لە پەیجەکەیان بڵاوی دەکەنەوە، کە ئەوەی

خوارەوە تەواوی ئەو دانپیانانەیە کە پەیجەکە بڵاوی کردۆتەوە،کوڕی سەرۆک چەندین کەسی ڕاسپارد تا ئەو پەیجە هاکبکەن، کەچی لە بڕی هاککردن ژمارەی لایکەکانی زیادی کرد بۆ ملیۆنێک بەشداربوو، بەو جۆرە فەیس بوک وەک پەیجی فەرمی مامەڵەی لەگەڵ دەکات.
ئێمە چوار شوفێری شەمەندەفەرین کەسمان ئەویتر ناناسێت، من شوفێری نێوان هانۆڤەرو میونشن م سەرنشینەکان دەڵێن ئەو پیاوە هێندە بێدەنگ بوو ماوەی پێنج کاتژمێر تەنیا خەریکی کتێب خوێندنەوە بوو، جاروبار بەنیگایەک سەیری خانمەکەی بەرامبەری دەکرد، ئەویش دەیدواندو خانم نەیدەزانی پیاوەکە ئەڵمانی نازانێت، تەنانەت بەلایەوە سەیربوو کەپێی ووت «تا توالێتەکە دەچم چاوێکت لەجانتاکەم بێت» ناچار کەهیچ وەڵامێکی دەست نەکەوت، بە پیرەژنێکی ئەڵمانی کورسیەکەی ئەودیوی خۆی ووت، لە گلایسی یانزە ئەو دابەزی، کۆڵەپشتیەکەی کردە کۆڵی وجانتا بەتایەکەشی خستە دوای خۆی.

لە میونشن تا گەیشتۆتە ڕۆما کەس هیچی لەبارەوە نازانێت، بەڵام کە ئەو لە ڕۆما دابەزیووە، دەفتەرێکی بچکۆلەی لەدوای خۆی جێماوە، کارمەندێکی ئێمە دۆزیەوە.. ئەوەی لێرە نووسراوە هەر ئەو زانیاریانەیە کە یادداشتی ڕێگاکەی کردووە فەرموون با بۆتانی بخوێنمەوە: دەبوو لەدەرگای ژمارە ٢٥٠ بچمە ژوورەوە، هەر فارگۆنێک شەش کورسی تیابوو من ژمارەی کورسیەکەم ٧٤ بوو، ژن و پیاوێکی ئەلبانی لەوێ بوون، بە ئینگلیزیەکی خراپ و تێکەڵەیەکی ڕووسی قسەیان دەکرد، جا نازانم زمانی خۆیان وابوو یان من وای

تێگەیشتم، ئەوان لەپۆلیس ڕایانکردبوو لەوە دەچوو بازرگانی تلیاک یاخود لە دزیەک بەشداربووبن، پارەکەیان هەمووی بردبێت و بەشی ئەوانیتریان نەدابێت، چونکە بەرەبەیان کە تەلەفۆنێک بۆ ژنەکە کرا، کابرا خەوتبوو هەڵیساند ووتی «خۆیانن ها تۆ قسەیان لەگەڵ بکە هەوڵبدە بیانخەڵەتێنی». بەر لەو کاتە ئێمە گەیشتینە سنوری نەمسا ژنەکە ووتی پۆلیس هاتن، شەمەندەفەر وەستا دیاربوو خاڵی پشکنینی ئەڵمانیا نەمسا بوو، منیش گلۆپی ناو فارگۆنەکەم کوژاندەوە، وەک ئەوەی هەموومان لەسەر شتێک ڕێکبکەوین خۆمان کرد بەنووستوو، لەژێر چاو سێ پۆلیسم بینی ژنێک و دوو پیاو لایتیان بەدەست بوو.. لەودیو جامی فارگۆنەکە لێمان ڕامان، وا بەتەنیشت یەکەوە بووین وەک ئەوەی بەهەردووکمان خەریکی ژنەکە بین.. ئەوانیش بۆ ئەوەی جەومان نەگێن تەنیا لایتیان بۆ لێداین، بە خەندەوە کە ژنەکە بۆ دوو هاوڕێ پۆلیسەکەیتری کرد، چوونە فارگۆنەکەی ئەولاتر.. کە لەڕێگەی جامی ناو فارگۆنی شەمەندەفەرەکەوە بینیم ژنێکی بلوز سووری تا سەر شەقی مەمکی کراوە بوو، ئیدی کاری ئێمە بەو نەبوو بەدڵنیایی، بەڵام بەڕاستی تا لەسنوری نەمسا دەرچوو خەوتین، ئێستا نا، بەس کاتژمێرێکیتر دەگەینە ڕۆما، پێنج کاژێر دواتر لە ڕۆماوە سەردەکەوینەوە. ئەوە تەواوی ئەو یادداشتەیە کە کابرای کوردە نووسیویەتی و لەناو شەمەندەفەرەکە بەجێماوە.

من دەبوو ئەوان لە ڕۆماوە بەرم بۆ لامیزیا، خاوەنی ئەو وێنەیەم لەناو تەرمینال زۆر بینی بەجانتایەک و کۆڵە پشتیەکەوە بەردەوام پیاسەی دەکرد، کەرەتێکیان لە قاوەخانەکەی بەرامبەر ماکدۆنال فنجانێک قاوەی لەبەردەم

بوو لەپڕ وون بوو جانتاکەی بەجێهێشت، من وامزانی هەر لەو ناوەیە کەچی لەوبەری شەقامەکە دوای نیو سەعات بینیم هاتەوە بۆ لای جانتاکەی و خێرا بردی و ڕۆیشت، لەوە تێگەیشتم جانتاکەی بیرچووەو دوای نیو سەعات بیری کەوتۆتەوە. دەبێت ماوەی ئەو چوار کاتژمێرو نیوەی تا دەگەین بە لامیزیا ئەو چیبکات؟ ئەوە چ پرسیارێکە لەمنی دەکەن! ڕەنگە سەیری خانمێک بکات کەدەچێتە توالێت سەگەکەی دەیەوێت دوای بکەوێت، کچەکەی سەگەکەی دەگرێت، کە خانم دەگەڕێتەوە سەگەکە خۆی بە بالای هەڵدەواسێت، ڕەنگە ئەویش چێژ لەو دیمەنە ببینێت، یاخود پیاوێکی ئیتاڵی لاپتۆپێکی لەپێش بێت و بەرامبەر ئەو دانیشتبێت و قاچی بڵاوکردبێتەوەو بێزاری بکات، چونکە پیاو بۆ ڕێگای درێژی وا قەت حەز ناکات پیاوی تر بەرامبەری دانیشێت. کە گەیاندیانمە ئەوێ مادام ئەو بۆ کرۆتۆن چووە، دەبێت لە پێنج خولەکدا بگات بە شەمەندەفەرەکەیتر، کە من ئەوانم لە گلایزی یەک داناو هی کرۆتۆن لە گلایزی پێنج بوو. ئەو دواهەمین سەرنشین بوو بەنیازبووین بکەوینە جولە خۆی بەشەمەندەفەرەکەدا کردو خەریک بوو پشتاوپشت بکەوێت، من خۆم شوفێری شەمەندەفەری کرۆتۆن بووم.. لەو گەشتە بەچاوی خۆم ئەوم وابینی، بۆ بەیانی خانمێکی دراوسێمان بەڕێکەوت باسی کابرای کوردەی کرد، کەبە ئینگلیزیەکی خراپ بە ئەفریقیەکی وتووە، شەمەندەفەری وا لەهەموو دنیادا نەماوە ڕەنگە هی سەردەمی جەنگی جیهانی بێت، درێژەی پێداوەو وتوویەتی «لە وولاتی ئێمە لەو سەری دنیا شارێک هەیە ناوی هەولێرە، لەو سەری شارەکەش ئاوەدانترین گەڕەکی دنیای تیایە بەناوی کوران لەوێ.. لە

هەفتاکـــان جێبێـــک هەبـــوو بە جێبـــی مـــام ســـابیر ناســـرابوو، حاڵی وەک ئەو شەمەندەفەرە بوو»

نـــا بەڕێـــز گـــاڵتەی چـــی ئێـــوە داوای زانیـــاری دەکەن ئـــێمەش ئەوەی زانیمـــان وتمـــان، کێشـــەکە ئەوەیە ئـــێمە هەر چوارمـــان ترســـی ئەوەمـــان هەیە، ئەو دامـــاوە یەکێـــک بێـــت لەو هەزاران مـــرۆڤەی وڵاتێـــک نـــایگرێتە خـــۆی، تـــا ژیـــانێکی شایســـتەی وەک هەمووومان بژیێت.

٧

خەڵکـــی شـــاری ســـنەم نەک مەریـــوان، کاتێـــک پـــێم دەڵـــێن ڕەحیمـــی مەریـــوانە، ئەوە نهێنـــی ونازنـــاوە، مەبەســـتیان لەفرۆشـــیاری حەشیشـــی مەریـــوانەیە، کە تـــۆزێکە وەک تـــووتن دەکـــرێتە کـــاغەزی ســـیگارو دەکێشـــرێت، ئەوە هەرزانتـــرین حەشـــیش و خێراترینیـــانە، بەتـــایبەت پەناهەنـــدەکان زوو ڕووی تێـــدەکەن، خەیـــاڵێکی ســـەیری هەیە وادەکـــات پێبکەنیـــت دڵخـــۆش بیـــت. هەر کەســـێک ڕێـــی بکەوێـــتە لای ڕەحـــیم بەڕەحـــم دەبێـــت، بەدەم دوو قـــومەوە هەمـــوو ژیـــانی خـــۆی دەگێـــڕێتەوە، تەنـــانەت باســـی ســـەرجێی خەوتـــن لەگەڵ ژنەکانیشـــیان بـــۆم بـــاس دەکەن، ئێســـتا دەزانـــم ژنەکانیـــان حەزیـــان بە چ جـــۆرە سێکسکردنێکیشـــە.. مـــردوو مـــراوانە ژنـــی وای تیـــایە حەز دەکـــات بیـــڕژێنێتە ســـەر ســـینگی.. تیـــایەتی دوای تەواو بـــوونیش بە نیـــو ســـەعات نایەڵێـــت پیـــاوەکەی لەناویـــا هەڵســـێت. ئەو جـــگە لەوەی بازرگـــانی حەشیشـــە وای لێهـــاتووە بـــووە بە ژنبازێـــک، دەتوانێـــت خـــاڵە لاوازەکانیـــان بقـــۆزێتەوە، پیاوەکـــان کە بەســـیگارێکی مەریـــوانە خەیـــاڵ دەبـــن، ڕەحـــیم دەچێـــتە کەڵەکەیـــان ونهێنیـــان

لێ دەردەکات، بەدنیازانە دەڵێت «تۆ وەک ڕۆستەمی پاڵەوان وایت توانیت ئەو کچە بکەیتە هاوسەری خۆت.. بەر لەتۆ هەموو کوڕە قۆزەکانی تارانی ڕەتکردەوە» بەدەم ئەو قسانەوە بە پێچانەوەی سیگارێکیتر بۆ ئاغای فەرهادی دەڵێت «ئەوەش لەسەر شەرەفی ڕەحیم بۆ ڕۆستەمی ئێمە» فەرهادی سیگارەکە بەحەسرەت و پێکەنینەوە وەردەگرێت ودەست دەخاتە سەر شانی و ڕەحیم دەڵێت «تۆ توڕە مەبە براکەم من هەموو جۆرە خەڵکێک دەبینم.. لەگەڵیان دەدوێم ئاگادارم تۆش چۆن مەیلی ژنە سوریەکانتە لێرە.. وەک چۆن ئاگاداربووم، هێشتا لەئێران بوون چۆن دوای هاوسەریتان.. چەندین دەوڵەمەندی تارانی ویستویانە خانمی کەوسەری بخەڵەتێنن، کەچی ئەو بەکەسیان ڕازی نەبووە، بەخۆم دەووت دەبێت شەوانە ئاغای فەرهادی چی بکات، تا ئەو خوشکەمان بەهیچ پیاوێکی نەگۆڕێتەوە»

ئاغای فەرهادی ئەو قسانە توڕەی نەکرد، هێندەی قاقایەکی وای لێدا کە بە ئاسانی دەمی خۆی بۆ دانەخرا، قومێکیتری لە مەریوانەداو چووە ناو خەیاڵاتەوە «ڕەحیم تۆ برامی! خۆ تۆ نەبیت بۆ کەسی باس ناکەم.. من هەر بەدەم ولێو شەوانە کەوسەر شێت دەکەم.. چی ئاوی ئەو کانییە دەم و چاوانی پێ دەشۆم، ڕێک بۆ من کەوسەر بووە بە ئاوی کەوسەر، ئەوسا کە ئیسراحەتی کرد.. دێم چ پیاوەتی خۆم هەیە دەهاوێمە وی تا ئیسراحەتی باشی پێبدەم.. خۆ تۆ نهێنی پارێزی منی، جا چیت لێ بشارمەوە! پاڵدەکەوم و دەم و لێوانی هێندە بە جوانی پیا دێنێ، تا ئاو لە فەرهادی هەبێت واز ناهێنێ، تا هەست دەکەم بوومەتە خاکێکی ووشک، دەبێت بخەوم و سبەینێ نانی بخۆم و

شەویش کەوسەری ئاو دەمەوە» ئێستاش بەهۆی ژنێکی حەسەکەوە ئەو بەرخەی فەرامۆش کردووە، دوێنێ تەلەفۆنم بۆی کرد، نهێنی فەرهادیم پێووت، تا ڕایکیشمە لای خۆم، کەچی دیاربوو ملی نەدا وتی «با جارێ بزانم لەکوێیە» دواتر تەلەفۆنەکەی داخرابوو، من لەدورەوە چاودێریم دەکرد.. لەودیوی پەیکەری ئەسپەکە کە ئێمەی کورد پێی دەڵێین پەیکەری شێخ مەحمود.. لەوێ خۆم مەلاس دابوو بینیم، لەگەڵ کابرایەک خۆیان بە قاوەخانەیەک کرد، کە هاتنە دەرەوەش خانمی کەوسەری قۆڵی بە قۆڵی کابرا کردبوو لەژێر زەمینی بانهۆف چاوم لێیان بوو کە لەمارکێتێک هاتنە دەرەوە یەکتریان ماچ دەکرد، لەگەڵەری بۆنێکی بەدیاری بۆ کڕی و خۆیان بەشەقامەکەی ئەودیو کرد، من تا ئەوێ چاوم لێیان بوو لەپڕ حەشیش کێشێک بوو بە تووشم، هەرچەندەی کردم وازی نەهێنا، کە بینیم بای سەد یۆرۆیەکی دەوێت دەیبردەوە بۆ کەمپ، ئەوانیشم لێ وون بوو ئیدی وازم لەسۆراخیان هێنا.

٨

ئەو شەوەی گەیشتمە کرۆتۆن ئەدرەسی کەسێکیان پێدابووم، بینیم لەتەرمینال چاوەڕێم دەکات وخانوویەکشی بەکرێ بۆ گرتبووم، بۆ ڕۆژی دواتر چووم بۆ کەستورە ئەو شوێنەی دەبوو پەنجە مۆری لێبکەیت، کە تۆ هاتویتە ئەو وولاتەوە، ئێمە زۆربووین بەتایبەت پەنجا ئەفریقی زیاتری لێ بوو.. جگە لە هەشت کورد کە یەکێکیان ژنێک بوو لەوێ خانووی گرتبوو دەیویست بگوازێتەوە بۆ

کەمـــپ، چـــونکە وەک خـــۆی دەیـــووت چیتـــر بـــۆی دەرناهێنێـــت لەســـــەر گیرفـــانی خـــۆی بژییێـــت، هەر نەبێـــت لەوێ شـــوێنی خەو و خواردنمـــــان لەســــەر ئەوانە. ئەو کەســـــەی لەبەردەرگـــا دۆســـــیەکانی دەبـــردە ژوورەوە ژنێکـــــی مەغریبـــی بـــوو، تـــا ئەمـــڕۆی لەگەڵ بێـــت مـــن ژنـــی وا بەڕەلـــڵا وبـــێ ڕەوشـــتی وام نەدیـــووە، بەهەڵچـــوونەوە پێـــت ئەشـــاخێ.. هەر دەڵێـــی شـــەڕی هەیە لەگەڵـــت، وەک ســـــەگ پەلامـــــاری ئەو ژنە کـــــوردەی دا وتـــــی کەمـــپ نـــیە، لەولاوە بە ئەفریقیەکـــانی ووت دوو مـــانگی تـــر وەرنەوە، ڕوویکـــردە مـــن ووتـــی تـــۆ چیـــت ئەوێـــت؟ وتـــم نـــوێم هـــاتووم نـــاوم بنووســـم، ووتـــی نـــاو نوسـین بـــۆ تـــۆ نـــیە، ئەمـــڕۆ بـــڕۆ هەفتەیەکیتـــر وەرەوە.. ســـبەینێش نەیەیـــت، لێـــرە بتبینمەوە، دوای دەخەم بۆ مانگێکیتر.

هـــیچم نەووت دڵشـــکاوانە ملـــی ڕێگـــام گـــرت، خـــۆم کـــرد بە مارکێتێـــک شووشـــە شـــیرێک و هەنـــدێک پەنیـــرو دوو ســـەمونم کـــڕی و گەڕامەوە بـــۆ خـــانووەکەم، دەمەو عەســـر بەکـــۆڵانە پێچـــاو پێچەکـــان هـــاتمە دەرەوەو گەیشـــتمە لای کەنیســـــە، هەنـــدێکیتر هەلکشـــام تـــا گەیشـــتمە شـــەقامە ســـەرەکیەکە، لەوێ پەڕیـــمەوە ئەودیـــو کـــۆڵانێکی درێـــژ هەبـــوو، عاشـــقەکان دەســـتی یەکتریـــان گرتـــووە بەدەم مـــاچکردنەوە لەوێ پیاســـە دەکەن، هـــیچ ئۆتۆمۆبیلێـــک بەوێـــدا تێناپەڕێـــت، لەوســـەری کـــۆڵانەکە لە دەســـتە ڕاســـت لەبەرامـــبەر کـــافێیەک گۆڕەپانێـــک هەبـــوو، حەوزێکـــی بچـــوکی چوارگۆشـــەی لێبـــوو.. کوردەکـــان ناویـــان نـــابوو کـــانی عاشـــقان، کەخـــۆم بەوێ کـــرد کەســـێک دەســـتی ســـڵاوی بەرزکـــردو ووتـــی «دەزانـــین کـــوردە بـــۆرەی خۆمـــانی وەرە ئێـــرە» مـــن پێکەنـــیم یەکێکـــی تریـــان ووتـــی ئـــێمە پســـپۆڕین لە ناســـینەوەی کـــورد لە ئیتاڵیـــا، پەیجێکیشـــمان هەیە لە فەیـــس بـــووک بەنـــاوی «پەناهەنـــدەکانی ئیتاڵیـــا»

دوایی لایکی بکە و بۆ هاوڕێکانتی بنێرە، بەڵکو دەگەینە ملیۆنێک لایک. شتێک نەبوو پێیانی بڵێم جگە لە پێکەنین و سڵاو کردن، کە پرسیاریان کرد تەواوی ڕۆژەکەم لە کەستورە بۆ گێڕانەوە.. ئیدی ئەوان دڵنەواییان کردم کە هەموویان شەڕیان لەگەڵ ئەو ژنە کردووە، یەکێکیان ووتی ئەو وەک من ئیقامەی دوو ساڵی هەیە، بەلام ئیقامەیتریشی پێیە، ئەدمینی پەیجەکە باسی لەوە کرد هەموو کارێک دەکات مەغریبی ئاوان، پسپۆری ناسینەوەی کوردەکانیش بەدەم پێکەنینەوە دەڵێت کاری خۆم بوو چاودێریی ووردم کرد خۆی و دوو کچەکەی شتی وا دەکەن ئیتر دایک چۆن هەموو دەسەڵاتێک وەرناگرێت.

٩

من کوری ناودارترین بنەماڵەم، باپیرم تێکۆشا تا خەونی دنیایەکی نوێ لەسەر دەستی خانەوادەکەمان بێتە دی، ئەو خەونەکەی دایە دەست باوکم، باوکم زۆریکرد لەدژی دوژمن و خانەوادەکانیتر کە خۆیان بە ڕکابەری ئێمە دەزانی، کەچی مەرگ لەباوکم خێراتر بوو، بەڵام باپیرم زوو پێشبینی منی کردبوو، کە ئەو کارە لەئەستۆ دەگرم، منیش ئەو نائومێد ناکەم. خەریکە بەهۆی کەسانێکەوە ناوبانگمان بزڕێنن، دوژمنەکانمان بەکۆتایی ئێمەی دەبینن، ئەوان تێناگەن دەستی ئێمە لە باڵای ئەوان درێژترە، دۆستە دراوسێکانمان بەڵێنی کارێکیان پێداوم کە چۆن ئیسرائیل و ئەمریکا ئۆجەلانیان دایەوە دەست تورک، ئاوا ئەوانیش ئەو ڕۆژنامەنووسە نەمەک حەرامە بدەنەوە دەست خۆمان، ئای بۆ ڕۆژێک کە بکەوێتەوە دەستم

دەبێت پشیلە بەر بدەمە گیانی، لە چاڵێکی پڕ لەمشکی دابنێم و مێروولە چاوەکانی هەڵبکۆڵێت. ئەو قسانەی هۆراس لەکۆبونەوەیەکی تایبەتی مەکتەبی سیاسی حزب دەیکات، ئەندامێکی ئەو کۆبونەوەیە بە مۆبایل تۆماری کردووەو بۆی ناردووم، ئەوەی من دەیبینم باوکی مردووی بەو ڕادەیە پڕ نەبووە لە ڕق لەبەرامبەر دوژمنەکانی، تەنانەت باپیرەی کە سەرچاوەی ئەو ئاشوبەیە ئەویش نەیتوانیووە ئاوا ڕاشکاوانە بێباکی خۆی ڕابگەیەنێت. سەیرە من بە ئۆجەللان دەشوبهێنێت، گوایە بە پلانێکی نێو دەوڵەتی دەستگیرم دەکەن، لەکاتێکدا من ژنە مەغریبییەک توانی دڵم پڕ بکات لە فرمێسک.. ئیدی هەر بە پۆلیسێک لەکەنار دەریا لە سپێدەیەکدا دەتوانن دەستگیرم بکەن، بۆ من بەیانیان کە دەچمە کەنار دەریا هەست بە نوێبونەوەو ئومێدی ژیانێک دەکەم کە هەرگیز پێی نەگەیشتوومە، هاژەی دەریا لە سپێدان بێدەنگم دەکات، لەزەمەنێکی دوور ڕادەمێنم کە چەندین دەیە من تیایدا لەژیان نەماوم، ئەو کات ئەو کتێبە پردی پەڕینەوەو گەڕانەوەمە بۆ ناو ئەو ژیانە، دەزانم ئەو دەمە باس لەپیلانێک دەکرێت کە چۆن نووسەری ئەو کتێبە ووشەکانی لەبەردەم دەریا نووسیەوە، کەچی پاداشتەکەی بە خوێنی خۆی وەرگرتەوە.

١٠

من کەوسەری ڕەحمانزادە هاوسەری ئاغای فەرهادی، ئەو پیاوە حەشیش کێشەی ڕۆژێک کەوتمە عەشقیەوە، تکام لەخودا دەکرد خۆر زوو ئاوا بێت و فەرهادی بگەڕێتەوە

ماڵەوە، تا دەستبازی و عەشقم لەگەڵ بکات، دوای دەمەو عەسران دەچوومە پێش ئاوێنە خۆم بۆی دەڕازاندەوە تا بۆنی عەترو ڕەشی چاوەکان و لێوە بەرزەکانم مەست وبێهۆشی بکەن. کە دەگەیشتەوە ماڵەوە ڕۆبێکی سووری خەوتن یان ڕۆبێکی سپی گوڵدار یاخود ڕۆبێکی ڕەشی تەنکی بێ ستیان، هەمیشە دەرپێی کورتەکەشم فڕێ دەدا تا بەویستی خۆی کەویستی دەست بۆناو ڕانەکانم بەرێت، ئەو دەیزانی کەی پەنجەی دەبات و کەی دەمبنێت بە شێلەو تینوویەتی من بشکێنێت و خۆشی پڕ بکات لە ئاو. کچەکەی ڕەحمانزادە لە ژووری ئوتێل ئاوا باسی ڕۆژانی عەشقی خۆی بۆ دەکردم، چاوەکانی لە تەڕایی دەبریسکانەوە، بەڵام هێزێکم تیا بەدی دەکرد، کە ڕێگای نەدەدا فرمێسکی پیا بێتە خوارەوە، دەیووت بڕۆ حەمامەکە دووشێک بکە تا تۆ دێیتە دەرەوە فەرهادیش هەموو ژیانی شەوی وای بەخۆیەوە نەدیبێت، تەنانەت تۆش لەژیانت لەگەڵ ژنی ئەڵمانیش خۆشی وات تاقی نەکردبێتەوە. من دەچوومە حەمامەکە، لەناو بانیۆکە ڕادەکشام تا گیانم هەمووی خاو دەبۆوە.. دووشێکم دەکردو بە ڕۆبێکی سپی حەمامەکە دەهاتمە دەرەوە، بەڵام دیسان من بێدەنگ دەبم با خانم کەوسەری خۆی شەوەکەتان بۆ بگێڕێتەوە، ئەو چێژێکی زۆر لەگێڕانەوەی چیرۆکەکە دەبینێت، بۆ من لەناو هەزار چیرۆک ڕەنگە یەک چیرۆک شایستەی گێڕانەوە بێت، بەڵام کەوسەر بڕوای بەچیرۆکی زۆر نییە، بۆ ئەو چیرۆکێک هێزی هەزار چیرۆکی هەیە.. وەک دەیووت ئەمشەوەی تۆ لەگێڕانەوە دەتوانم وەک چیرۆکی هەزارو یەکشەوە درێژی بکەمەوە، بۆیە من لەقسەکردن

دەوەستم، خانمەکەی ئاغای فەرهادی چیرۆکی ئەو شەوە دەگێڕێتەوە.

١١

زۆر بەسەر بیوەژن بوونی خانم تێنەپەڕیبوو، لەلایەک تازیە بارو کۆست کەوتوو، لەلایەکیتر غەریزەی ژیان فەرامۆشکردنی مەرگ بوو، ئەگەر کەسانێک پێویستیان بەوە بێت زۆر شتیان بیر بێتەوە، کەسانێکیش هەیە پێویستیان بەلەیادکردن هەیە نەک یادهاتنەوە، بەڵام هۆراس خەمی دایک دەگۆڕێت بۆ ئاستی شانازیکردنی دایک بە کۆرپەکەی، ئەوە هاتنەدی وەسیەتەکەی باپیرمە تا دایکم شانازی بەخۆی بکات کە من منالّی ئەوم، منالّێک ئاسودەیی هەمیشەیی بەوان دەبەخشێت. ئەوە وەک خێزانێک وایە چەندین ساڵ بێ منالّ دەژین لەپڕ خواوەند کۆرپەیەکیان پێ دەبەخشێت، کە دەبێتە سەرچاوەی هەموو شادیەکیان، ئێستا کوڕی گەورە بووە بە سەرچاوەی بەختەوەری دایک و هەمیشە دڵنیایی ئەوەی پێدەبەخشی کە چاوەڕوانی گۆڕانکاری گەورەتر بکات. لەکاتێکدا ژنێک خەونی وابەستەی دنیایەکی پڕ لە ململانێ کردبوو، لەولاشەوە هێشتا کەوسەر تازە بەنیاز بوو چیرۆکی ئەو شەوە بۆ خوێنەرانی ئەو کتێبە بگێڕێتەوە.

١٢

ژوورەکەم پڕ کرد لە عەتر.. بۆنی شەهوەت دەرگای حەمامەکەی پێکردەوە وەک ئەوەی ڕەشەمێ بێت و

ئەویش پشیلەیەک دەنگی شەهوەت دەربخات، هەر هێندەی کیلۆنی دەرگای حەمامەکەی کردەوە کەوتمە سەماکردن، سەمایەک وەک حاڵێکی دەروێشیانە کە خێرا بەدەوری خۆم دەسوڕامەوە، تا وەک میزراحێکی دارینەی سەردەمی مناڵی کە پەتەکەیمان ڕا دەکێشا.. ئیدی ئەویش وەک پەروانەی فڕۆکە خولی دەخوات، لەپڕ دەستەکانی وەک دەستی مناڵی لەگرتنی میزراحەکە کەمەرمی گرت تا سەماکەم بوەستێنێت. شل وملی کەوتمە باوەشی، من خۆم لێ ببووە بە پەروانەی فڕۆکە.. ئەویش منی لێ ببوو بە پەپوولەیەک لەژوورەکەدا، کاتێک ووتی «تۆ پەروانەی ڕۆحی منیت» بەدەم تریقانەوەی نازێک پێم ووت وامەکە ئیدی ئەو هار بوو، دەستی بۆ کەمەرم دەبردو نەرمایی سمتی ئەگووشی، سوڕاندمی تا لەدواوە خۆم پێوە بنووسێنێت.. ئەوە پارچە گۆشتێک نەبوو بەر نەرماییم ئەکەوت.. تەختەدارێکی ناو ئاگری دۆزەخ بوو.. هێندە گەرم و شەهوەتاوی بوو خەریک بوو بەرگە نەگرم.. خۆم خستە سەر زەویەکە بە باوەش هەڵیگرتم بۆ سەر پێخەفەکە بردمی. لەنوکی قاچەکانم سەر دەکەوت و لێوی دەکەوتە سەر هەموو شوێنێک تا لێوی دەگەیاندە سەر لێوەکانم.. هەستم بە بریسکەی ئاگرینی نێوانی لەشمان دەکرد، کە خاو بۆوە، سەرم خستە سەر سینەی شیعری حافزم بە فارسی بۆی خوێندەوە.. دەستی بەناو قژم دەگێڕا منیش وەک ماری کوبرا بەسەر لەشی دەگەڕام، تا دەمم دەگەیشتەوە نێوانی ڕانەکانی هاواری دەکرد «لەژیانم چێژی وام نەبینیووە.. وای تۆ چی ئەکەیت» کەوای دەووت زیاتر ئاگری لەمن بەر ئەدا وزیاترم لەخۆمدا هەڵدەگرت، تا ئەو کاتەی ئاگری لەشی لەناو

دەممـــــدا پیـــــاوەتی خـــــۆی دەڕژانــــــد.. هەردووکمـــــان هێنـــد ئاســـــوودە لێـــی دەخەوتـــــین.. کە خەبەرم بـــــۆوە.. ئەو لەنـــــاو نـــوێنەکە نەمـــابوو نـــامەیەکی لەشـــوێن خـــۆی جێهێشـــتبوو کە کردمەوە نووسیبووی:

ئەمشـــەو شـــەوێک بـــوو هەمـــوو ژیـــانم بیـــرم ناچێـــت، ئێســـتا تێـــدەگەم تـــۆ ســــەرچاوەی شـــادیەکی چێـــژی.. تـــۆ و چێـــژی نووســــــــین وەک یەک بەخـــــــــتەوەری دەخـــــــــولقێنن، گەر لە ڕۆژگـــارو زەمـــانێکیتردا ڕێکەوتـــی یەکترمـــان کـــرد دڵنیـــابە دەمەوێـــت لەگەڵ تـــۆدا بـــژیم، بەڵام نـــازانم ئـــێمە جـــارێکیتر یەکتـــر دەبینیـــنەوە یـــان نـــا، تـــۆ هەوڵـــدە لەیـــادم بـــکە، بەڵام مـــن تا مردن تۆم پێ لەیاد ناکرێت.

١٣ سیاســـەت دنیـــای درۆیە! بـــاوەڕکردنی مـــن بە بەڵێنەکـــانی ســـــەرکردەی چەتەکـــــان ودۆســـــتە فـــــارس وتـــــورک وئیســـرائیلیەکان هـــیچ نەبـــوو جـــگە لە یـــاریەک کە لەگەڵ منـــدا دەیـــکەن، بەڵام مـــرۆڤ کە لەنـــاو ئـــاگری سیاســـەت بـــوو، دەبێـــت لەوە تێبگـــات یـــاریزانێکە و نابێـــت یـــاری پێبکرێـــت، ئەوانەی دەیانەوێـــــت یـــــاری بەمـــــن بـــــکەن، بەر لە گێمـــــی دووەمـــی یـــاریەکە دەبێـــت مـــن گۆڕەپـــانی خـــۆم دۆزیبێـــتەوەو دەســـتم کردبێـــت بە یـــاری خـــۆم، تـــۆ خەم مەخـــۆ دایـــکە نـــایەڵم ئاواتەکانـــت بـــکەونە ژێـــر گـــڵ، هـــۆڕاس نەبـــم ئاینـــدە بەدەســـتی خـــــۆم نەیەنــــمە دی. کـــوڕی گەورە ئـــاوا دڵنیـــایی دایکـــی دەدایەوە، پێـــدەچوو پلانێکـــی گەورەی لەژێـــر ســـــەردا بێـــت، ئەو چیتـــــر هەمـــــوو خەونەکـــانی لەگەڵ سیاســـــیەکان بەتەنیـــا بەوان نەبەســــتبۆوە، بەڵکـــــو تـــــۆڕێکی گەورەی لەپەیوەنـــــدی درووســـت کردبـــوو، کەوســـەر ئەو باســـەی بـــۆ گرنـــگ نەبـــوو بـــۆیە بۆتـــانی نەگێـــڕایەوە، دەنـــا ئەو شـــــەوە دوای ئەوەی عەترێکـــی فەڕەنســـیم بە دیـــاری بـــۆ کـــڕی، لەڕێگـــا باســـی

ئەوەی کورد ڕەحیمی مەریوانە بە زۆلایەتی خۆی توانیویەتی پەیوەندی لەگەڵ چەند سیاسییەکی باشوور دروست بکات، کە ئاسانکاریان بۆ بکات لە کاری بازرگانی، تەنانەت هەندێک بەرپرسی باڵاشی تیایە بازرگانی ماددەی بێهۆشبەر دەکەن، منیش بۆ ئەوەی بابەتەکەی پێ بگۆڕم، سەرم خستنە لای نەرمایی گوێچکەیی و ووتم «گەردنت ماددەی بێهۆشکەرە، دەمەوێت ئەمشەو موعتادی خۆتم بکەیت» بە نازێکەوە کە نیگا سەیرەکانی تێبڕیم و ووتی وای ئەوە چیتە. ڕەحیمی مەریوانە دەستی دەگەیشتە ناو کونی هەموو ڕێگایەکی نهێنی، هەر ئەویش دواجار هۆڕاس بە مافیای ئیتاڵی دەناسێنێت، گوایە لە ڕۆما پەیوەندیەکی بۆ دروست کردوون.. بەرپرسی باندێک لەگەڵ هۆڕاس دانیشتووە و بەڵێنی دەستگیر کردنی منیان پێداوە، ڕەنگە سەیر بێت بەلاتانەوە ئەو هەواڵە چۆن دەگات بەمن، بەڵام ڕووداوەکانی دواتر هەموو ئەو شتانەیان هێنایە دی کە تەنیا لە خەیاڵ دەچوو، بەڵام ڕێکەوتێک هەموو شتەکانی بۆ ئاشکرا دەکردم، هەرچەندە زانینی زانیاری لەو بارەیە هیچ ڕوو نادات، بەتایبەت لە وولاتێکی وەکو ئیتاڵیا، مافیا کە ویستی کارێک بکات هەموو پۆلیسی نێو دەوڵەتی لێ کۆبێتەوە، هەر ئەنجامی دەدەن. بۆ ئەوەی هەر نەبێت ڕووی تاوانەکە زیاتر دەربکەوێت، دەبوو لە ڕووی سۆشیال میدیاوە زانیاریەکان دزە پێبکەم، باشترین کەسێک کە ناڕاستەوخۆ شتەکانی پێبڵێم ئەدمینی پەیجی پەناهەندەکان بوو، ئەوەم لای باسکرد کە بەرپرسێکی باڵا لەو ڕۆژانە لە ڕۆما لەگەڵ مافیا کۆبوونەتەوە، پلانیان هەیە لە کرۆتۆن چەند کوردێک دەستگیر بکەن وتەسلیمی

حزبێکی کوردیان بکەنەوە، ئەوەت بۆ بڵاوکردنەوە پێ ناڵێم تەنیا بۆ ئەوەمە ئاگاداری خۆتان بن. ئەوەم لە بارێکی بچووکی خوار کانی عاشقان پێی ووت، بەڵام من نەگەیشتبوومە نزیک فولکە، کە هەر چەند هەنگاوێک بوو بینیم لە پەیجەکەی بڵاوی کردبۆوەو نوسیبووی «بەپێی زانیاریەکی تایبەت لە مافیای ڕۆماوە پێمان گەیشتووە بەرپرسە کوردەکان لەهەوڵی هەماهەنگین لەگەڵ مافیا بۆ ئەوەی چەند کوردێکی پەناهەندەی ڕاکردوویان بۆ دەستگیر بکەن»

## ١٤

کەوتمە ئەوینی ڕۆژنامەنووسەکەوە ئیدی بۆم گرنگ نەبوو ئاغای فەرهادی مێردم چەند دۆستی هەیە و لەگەڵ کێ دەخەوێت؟ بەڵام دەشمزانی بۆ گەیشتنەوە بە عاشقەکەم ڕێگایەکی سەخت هەیە، چونکە ئەو کەسێک بوو لە مەرگ ڕایدەکرد نەک لە ژیان، ترس لەمەرگ نەبوایە ئێستا لە باوەشی من بوو.. ئەو کە سەری لەنێوان مەمکەکانم بوو هەستم پێیدەکرد چەند ئارامە چەندە تامەزرۆیە سینەی منماڵی هەمیشەیی ئەو بێت. پیاوان چەند بە دەنگە دەنگ بن کاتێک دەگەنە باوەشی ژنێک کە ئارەزووی دەکەن لەمنداڵێکی تامەزرۆی مەمک دەچن، هێند گرینۆک لەوە دەچێت ئەو هات وهاوارەشیان ترسی لەکیس چوونی باوەشێکی ئارام بێت. خەیاڵم لای ئەوە بوو ڕێگایەک بدۆزمەوە بۆ ئەوەی پێی بگەم.. تاکە شتێک کە بەمنی ووت ئەوە بوو شارێک هەیە ناوی کرۆتۆن، شارێک چوار دەوری دەریایە.. دەچم لەوێ دەمێنمەوە، بۆ ئەوەی

پارەی ئەو سەفەرەم دەست بکەوتبا.. هیچ چارەیەکم نەبوو دەبوو ڕازی بم لەگەڵ ڕەحیم بخەوم، داوای سێ سەد یۆرم لێیکرد بۆ ئەوەی شەو تابەیانی لەگەڵم ڕابوێرێت، دەمزانی ڕازی دەبێت ئەو پارەیە بۆ ئەو هیچ نەبوو، وەک چۆن دڵنیابووم ئەو شێت وشەیدای لەشو لارم بووە، بۆ سەفەرەکەم پێویستم بە پارە بوو ئەویش بە لەشی من. ئەوەی لەو شەوە ڕوویدا شتێک نیە شایستەی گێڕانەوە بێت، بەڵکو شەوێکە بۆ لەیادکردن، بۆنی حەشیش و دووکەڵی گیانی دەیکووشتم، بەڵام من ئاواتێکم هەبوو ئەویش گەیشتن بوو بە خۆشەویستەکەم، کەچی ڕەحیم لەو شەوە ئەوەشی وەک حەشیش بەقسەکانی گێژی کردم، باسی لەڕۆژنامەنووسێک کرد کە بنەماڵەی سەرکردەی حزبێکی ناسراو ڕێکەوتنیان کردووە لەگەڵ مافیای ئیتاڵی تا پێیانی بفرۆشن و بۆیانی بفرێنن، ئیدی ئەو هەر قسەیەکی دەکرد من مافیام دەبینی کە چۆن خۆشەویستەکەم تەسلیمی پیاوانی حزبی باشور دەکەن.. بۆیە کە ڕۆژ بۆوە ئەو ڕۆیشت، منیش لە حەمامەکە بۆنی دووکەڵ و حەشیش و شەهوەتم لەخۆم پاکدەکردەوە.. خێرا لەبەر خۆمەوە دەمووت ئێستا دەبێت هەر چۆنێک بێت خۆم بگەیەنمە ئیتاڵیا و خۆشەویستەکەم ڕزگار بکەم، دەبێت بڕۆم نەک بۆ ئەوەی لەوێ لەگەڵی بژیم، بەڵکو هەموو ئەو شتانەی پێ بڵێم کە ڕەحیمی مەریوانە بە منی وتووە، دڵنیام ئەو کەسەی ڕەحیم باسی دەکات خۆشەویستەکەی منە، جگە لەو کەسیتر نیە.

هاژەی دەریا وەک هەر کازیۆەیەکیتر ساردیەکی دەبەخشی، کە لێرە مرۆڤ لەمانای نوێبوونەوەی ڕۆژێکیتر تێبگات، نوێبوونەوەیەک بەسەر ئەو پردە چیمەنتۆیە دەڕۆیشتم، کە پێچاو پێچ بۆ ئەو سەری دەریاکە وەک شوێنی پیاسەکردن درووست کرابوو، لەخواری پردەکەوە کۆمەڵە بەردێکی زلی ڕەش هەبوو.. کە تاک و تەرا ڕۆژانە چەند کچێکی گەنجم دەبینی وێنەی خۆیان و سەگەکانیان تیای دەگرت.. ئەم دەمەو کازیۆەیە ژنێک قژی داوە بەدەم هاژەی دەریا، دەریاش لەگەڵ شەپۆلەکانی هێندە مەستە تێناگەیت کامیان عاشقی ئەویترە. بایەکی کز عەتری لەشی ژنەکە بەسەر دەریا بڵاو دەکات، کە عەترەکە دەگات بە من، دەزانم خۆیەتی جگە لەو کەسیتر نییە.. ئەوە عەتری لەشی کەوسەری دڵی منە، ژنێک لەئیوارەیەک دەرکەوت و لەکازیۆەیەکی وادا جێیم هێشت.. بانگی ئەکەم هاوار ئەکەم.. لەمن شێتر ئاوڕ دەداتەوە.. دەیەوێت هەڵسێتەوە بەسەر بەردەکان دەکەوێت، ڕادەکەم بەرەو ڕووی هەڵیدەستێنمەوە لەباوەشی دەگرم، شەپۆلی دەریا بەر ڕانەکانمان دەکەوێت، من و ئەو باوەشمان کردووە بە یەک و دەمم لەسەر ڕوومەتی دەبەم بۆ گەردنی، ئەو بەدەستەکانی سەرم بەرز دەکاتەوە تا دەکەوینە لێو مژینی یەکیتریی، من دەڵێم چیتر جێت ناهێڵم.. ئەو دەڵێت دەبێت لێرە بڕۆیت.



دوو عاشق نەبووین دوو مرۆڤی تەنیا دڵشکاو بووین، کەوسەر ڕاستگۆترین کچی دنیا بوو.. عاشق بوو گوێی

بەوە نەدەدا مەعشوقەکەی چۆن سەیری دەکات، هێندەی لەگەڵ هەستەکانی تڕپەی دڵی هەناسەکانی ڕاستگۆ بوو، دەیزانی دوای من هەزاران پیاو لەگەڵی بخەون، بەڵام هیچ پیاوێک ناتوانێت کۆنترۆڵی ڕۆحی بکات، چونکە ئەو یەقینی عەشقی لەمندا دۆزیبووەوە.. داوای کرد بچینەوە شوێنی خەوتنم، ڕەنگە خەیاڵتان بۆ سێکسکردن بڕوات، بەڵام هەندێکجار سێکس یەکجار ڕوو دەدات، بەپێی لۆژیکی کەوسەر شەوی ئوتێلەکە چێژی حیکایەتێکە بەشی هەموو تەمەن دەکات. رۆیشتینەوە ئەو خانووە بچوکەی من بەکرێم گرتبوو، بەهۆی ئەو پارەیەی هەمبوو چاوەڕێم نەکرد کەی دەمخەنە کەمپەوە، بۆیە خانویەکی بچکۆلەم بە نرخێکی هەرزان دەست کەوتبوو، کە دەرگات دەکردەوە لەلای چەپ ئاشپەزێکی بچکۆلەی هەبوو، من وەک ژووری میوانیش بەکارم دەهێنا، هەرچەندە کەوسەر یەکەم میوانە کە ڕێی بکەوێتە ماڵەکەم.. لەگەڵ کردنەوەی دەرگا پەیژەیەک لەبەرامبەر هەبوو سەردەکەوتی لەدەستە چەپ ژوورێکی بچکۆلە، لەودیویش دەرگایەک هەبوو دەچۆوە سەر حەمام و توالێت، لەدەستە ڕاستیش ژوورێکی خەوتن کە من کاری نووسین وخەوتنم هەر لەوێ بوو. لەو ماڵە چکۆلەیە بەدرێژایی ڕۆژ تا تاریک بوونی دنیا دانیشتین، کەوسەر پێی وابوو تەنیا شەو بچینە دەرەوە، نەبا بەرۆژ تووشی کێشە بم، ئیدی تەواوی ئەو ڕووداوانەی گێڕایەوە کە لەڕێی ڕەحیمی مەریوانە بیستبووی، گومانی کردبوو ئەو کەسەی لەدوای دەستگیر کردنیەوەن من بم. لەناکاو دەیووت «تخوا بلێ من نیم و تۆ لەخۆڕا ئەو قسانە دەکەیت» دەستم خستە دەستیەوە، چاوەڕوانی ئومێدێک بوو لە زمانی من، ئەو دەمەی ئەو چاوەڕێی شتێک بوو،

کەچی من تێگەیشتم مادام مەسەلە گەیشتە مافیا ئیدی ژیانم لێرە تەواو دەبێت. دەمویست هێمنی بکەمەوە، ئەوەی ئەو نەیویست هەر ئەوە بوو کە ووتم: ئازیزی دڵ ئەو کەسەی تۆ باسی دەکەیت منم، بەڵام تۆ دڵخۆشبە پیاوێک دەمرێت و خۆشەویستی تۆ لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت، من هەموو ژیانم بەدوای ژنێک گەڕام، گرنگ نەبوو تەنیا لەگەڵ من بخەوێت، بەڵکو کە لەگەڵ پیاوی تر خەوت هێندە ڕاستگۆ بێت، بڵێ خەوتم وسێکسم کرد، ڕەحیم یان هەر ناوێکیتر شتێک نین، جگە لە ڕاستگۆیی تۆ بۆ عەشق، ئەی عەشقە ئەبەدیەکەی من.. ئێستا باش گوێم لێبگرە.. ئەمشەو دواهەمین دەستنووسی کتێبێکت پێ دەدەم، دەبێت دوا بەشی وەک تێبینی تۆماری بکەیت، بیپارێزە تا زەمانێک دێت توانای ئەوەت دەبێت لەڕێگەی دەزگایەکی چاپەوە کتێبەکە چاپ دەکەیت، گەر تۆ منت لەلا مەبەست بێت.. دەبێت ئەو کتێبە نەفەوتێت و بڵاو بکرێتەوە، ئەو کتێبە وا دەکات هەرگیز من نەمرم.. بەڵێنم بدێ کەوسەر، ئەو دەمە کەوسەر دەگریا و باوەشی لێمدەداو بەدەنگی نوساوی گریانەوە دەیووت «ئاخر بۆ؟ چیان لەتۆ دەوێت؟ قوربانت بم بەڵێن بێت.. بەڵێن گەر بزانم بە خوێنی خۆم چاپم کردووە دەبێت بگاتە دەستی هەمووان» بەر لەوەی دەستنووسەکە بدەم بە کەوسەر تا ئەو کتێبەکە تەواو بکات، لاپەڕەیەکی سپیم خستە پێش دەستپێکی کتێبەکە لێم نووسی «بۆ کەوسەر عەشقی هەمیشەیی من کە ئەو دوا دێرەکانی ئەو کتێبە دەنووسێتەوە»

من کەوسەر ژنێک لەنادیارەوە، هەرگیز نەبوومە بە نووسەر و ناشبم بە نووسەر، تەنیا لەسەرمە دوا لاپەڕەکانی ئەو کتێبە بنووسمەوە، بۆیە گەر ئەو بەشەی کتێبەکەتان بەدڵ نەبوو، ژنێک نووسیویەتی نە نووسەرەو نە چاوەڕێ بن ڕۆژێک بیناسن. من دەستنووسەکەم وەرگرت وخستمە جانتاکەمەوە، ئەو دەمەی یار ووتی دەی ئیستە شەوە با بڕۆین پیاسە بکەین، دڵنیام هەموو ژیانت دەریات لەشەودا نەبینیوە، دەرگای ماڵەکەمان داخست، قۆڵم بەقۆڵی کرد، وەک ئەو ئێوارەیەی لە کافتریاکە هاتینە دەرەوەو بۆ یەکەمجار قۆڵم بە قۆڵی کردبوو، ئەو کات لەتەنیایی خۆم ڕامدەکرد بۆیە قۆڵیم گرت، ئیستاش ترس لەتەنیایی ولەدەستدانی ئەو وای لێکردووم توند قۆڵی بگرم، نەبادا لێمی بدزن وبیبەن و ئیتر نەیبینمەوە. گەیشتبووینە کەنار دەریا لە دوورەوە دوو عاشقی وەک ئێمەی لێبوو، چەند دڵخۆشبووم ئاوا بێباکانە کەمەرمی گرتبوو باسی لەدەریاو شەو دەکرد.. ئەوە حیکایەتێکی هێندە نوێ بوو هیچ پیاوێک نەیدەزانی لە عەشقدا باسی بکات، ئەو هێمنی دەریای بۆ تاریکی شەو نەدەگەڕاندەوە، هێندەی ژوانی دوڵبەرەکەیەتی، بۆیە لەشەودا هاژەی نامێنێ و مانگ تریفەی خۆی بە چاوانی دەریا دەبەخشێت، ئیدی هەست دەکات لەگەڵ ئەو هەموو تاریکیەدا کەچی بە هاتنی مانگ ئەو ڕۆشن بۆتەوە، چونکە مانگ لەناو چاوەکانیدایە.. ئای خودایە ئەو چیرۆکەی چۆن تەواو کرد.. ئەی خوا ئەوە چیە دەیڵێت «کەوسەر هاتنی مانگ لەشەودا وەک هاتنی تۆ بوو لە بەیانی.. من کازێوە چەندە بەتۆ ڕۆشن بوومەوە.. ئێستاش دەریا بە مانگ هێندە ڕۆشنە.. تۆ و مانگ، من و دەریا لەیەک دەچین»

ئەوە دواهەمین قسەی ئەو بوو لەو کتێبەدا کە تۆماری دەکەم، چونکە نەمزانی چۆن ئەو بەهەشتەیان ئاگر تێبەردا و دۆزەخیان بۆ خولقاندین، یەختێکی دەریایی پێنج مرۆڤی دەمامکدار لێی دابەزین، چۆن هەڵۆیەک لەو ئاسمانەوە چنگ لەپشتی کەروێشکێک دەداو دەیفڕێنێ بۆ ئاسمان، ئاوا بەبەر چاومەوە گیان و دڵداری منیان فڕاندە ناو یەختەکە و لەچاوم وون بوون، ئەوەی لەوێ مابۆوە من و دەریاو تریفەی مانگ بووین.. فرمێسکەکانم بەخشیە تریفە و چاوانی دەریام لێڵ کرد.. مانگ دڵشکاوانە لەناو هەورەکان ئاوا بوو.. دەریا لەم شەوەدا هێمنی تێکدەشکاند، هاژەیەکی بەهێزی بە خۆی دەبەخشی دەیویست من بەرێتە قوڵاییەوە، خەریک بووم خۆم نوقم بکەم، لەپڕ ئەو کتێبەم بیر هاتەوە، تێگەیشتم دەبێت زیندوو بمێنم تا ئەو ئاوا نەبێت، بڕوام وایە کارێکی باشمکرد خۆم نەخستە قوڵایی دەریاوە، ئەوە بێوەفایی عەشق نییە، بەڵکو ئەو پەڕی وەفایە، گەر وا نەبوایە ئەو کتێبە هەرگیز نەدەگەیشت بەدەستی ئێوە.

**١٥/٣/٢٠١٨**

**کرۆتۆن/ ئیتاڵیا**